زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر
Salahaddin University-Erbil

**حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**زانکۆی سەلاحەدین**

**کۆلێژی ئەدەبیات**

**بەشی کۆمەڵناسی/قۆناغی دووەم- کۆرسی یەکەم**

# کۆمەڵناسی ئایین

## ڕوانگەی ئیمێل دۆرکهایم و ماکس ڤێبەر لە بارەی ئایین


Dilshad Siamand

- PHD Salahaddin university/ hawler

MSc University of Southampton/England


2022-2023

# ئامانجەکانی ئەم وانەیە

- سەرەتایەک لەبارەی ئیمێل دۆرکهایم
- ڕوانگەی ئیمێل دۆرکهایم لەبارەی ئایین
- سەرەتایەک لەبارەی ماکس ڤێبەر
- ڕوانگەی ماکس ڤێبەر لەبارەی ئایین
- بەراوردێک لە نێوان دۆرکهایم و ڤێبەر لە بارەی ئایین

# سەرەتایەک لەبارەی ئیمێل دۆرکهایم

- کۆمەڵناسی فەرەنسی ئیمیل دورکهایم(١٨٥٨-١٩١٧)، لە زۆر لە لقەکانی کۆمەڵناسی جێدەستی دیارە و خاوەنی کۆمەلێک توێژینەوەی ئەکادیمیە.کۆمەڵناسی پەروەردە یەکێکە لەو لقانەی کۆمەلناسی کە دۆرکهایم بە دامەزرێنەری دادەنرێت .لە نێو زۆربەی کارە ئەکادیمیەکیدا، توێژینەوەی بە ناوی دیاردەی خۆکوشتن و دابەش بوونی کاردا هەیە .
- دوای ڕووخانی  کۆماری فەرەنسای دووەمی ناپلیۆن پۆناپارت لە سالی ١٨٧٠دا، زەمینەسازی بۆ سەربەخۆی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا هاتە ئاراوە. لە فەرەنسا زەمینەی دروستبوونی کۆماری سێیەم دروستبوو، لە ماوەی نێوان سالانی (١٨٧٢-١٩٤٠)، دیمۆکراسی و عەلمانیەت گەشەیسەند، دورکهایم پێیوابوو زانست و میتۆدەکانی دەبێ ڕابەرایەتی چاکسازی کۆمەلایەتی و عەلمانیەت بکەن نەک ئایین و دەسەڵاتی سیاسیی
- سۆسیۆلۆجیای ئایین یەکێکە لەو لقانەی کۆمەڵناسی کە دۆرکهایم کاری تێدا کردووە و(٤٣) کاری ئەکادیمی لەبارەی ئایین ئەنجامداوە. لە دیارترین ئەو کارە ئەکادیمیانە توێژینەوەکەی بوو بەناوی *The Elementary Forms of Religious Life: The Totemic System in Australia* ) (1912))(فۆرمە سەرەتایەکانی ژیانی ئایینی: سیستەمی تەوتەم لە ئوستوڕالیا).

# ڕوانگەی ئیمیڵ دۆرکهایم لەبارەی ئایین

- دۆرکهایم پێیوایە ئایین، سیستەمێکی یەکگرتووی نێوان بیروباوەڕ و کردەیی ئایینی و شتە پیرۆزکراوەکانە، لەنێویدا هەندێک شت پیرۆز و هەندێکیان قەدەغەکراون(sacred and profane). هەریەکە لە بیروباوەڕ و کردەیی ئایینی لەگەڵ شتە پیرۆزکراو و قەدەخەکراو یەکتردەگرن و تاکەکان پابەندی دەبن لە دەزگا ئایینیەکان و ژیانی ڕۆژانە .
- ئەو پێیوابوو هەموو ئایینێک لە دوو بەشی بنەڕەتی و بنچینەی و گرنگ پێکدێن، لەوانە بیروباوەڕ و کردەوەی ئایینی (beliefs and rites) ، کە هەموو کردە و چالاکییە ئایینییەکان لە ژێر کاریگەری سیستەمی بیروباوەڕی ئایینیدان. بیروباوەڕو کردەی ئایینی بەیەکەوە ئایین پێکدێنن. ئەو پێیوایە بیروباوەرەکان پێکدێن لە بیروبۆچوونە ئەخلاقیەکان، یاسایەکان، وانە و ئەفسانە.
- دورکهایم ئەو بیرۆکەیە ڕەتیدەکاتەوە کە پێیوایە ئایین تەنها گرنگی دەداتە دیاردەکانی شتی نادیار و سەر و سروشت لەگەڵ خواو ڕوح و جنۆکەکان بەلکو ئایین گرنگی دەداتە لایەنە سادە و ئاساییەکانی نێو ژیانی کۆمەلایەتی و هەموو ئەو چالاکی و کردەوانەی کە تاک ئەنجامیدەدات.
- هەریەکە لە رۆژهەلاتن و ڕۆژئاوابوون، وەرزەکاني سال گەشەی گژوگیا، لەدایکبووني زیندەوەران و ڕووداوە سروشتیەکان بیرۆکە و دیاردەی ئایینین زیاتر لەوەی بە موعجیزە یاخود ڕووداوی سەنجڕاکێشبن دابنێرێن.
- دۆرکهایم ڕەتیکردەوە ئاین گرنگی بدات بە خوایەکان و لایەنی ڕوحی و ئەفسانەکان ئەو پێیوابوو ئامانج لە پەرستن دەگەڕێتەوە بۆهەلبژاردەی کۆمەڵگایەکان لە نێو خۆیان.
- دۆرکهایم پێشبینی کرد کە ئایین لە داهاتوودا ڕۆلی وەکو جاران نامێنێ هەرچەندە پێیوابوو ئایین لە نەوەیەکەوە بۆ یەکی دیکە دەگوازرێتەوە

# توێژینەوەی ئیمێل دۆرکهایم لەبارەی ئەرونتا لە ئوستوڕالیا

- لە توێژینەوەی (فۆرمە سەرەتایەکانی ژیانی ئایینی: سیستەمی تەوتەم لە ئوستوڕالیا) کە دۆرکهایم لە سالی ١٩١٢، بەلاوی کردەوە، لێکۆلینەوەی لە ئایینی تەوتەم کردووە کە هۆزێک بە ناوی ئەروانتا کە دەکەوێتە ناوەندی وولاتی ئوستوڕالیا شوێنکەوتوانی بوون. ئەو ئەم لێکۆلینەوەیەی بە شێوەی مەیدانی ئەنجامنەداوە بەلکو شیکاری هەموو ئەم لێکۆلینەوانەی کردووە کە پێشتر لەلایەن زانایەکانی دیکە لەسەر ئەم هۆزە ئەنجامدراون.

- پێیوایە تەوتەم فۆرمێکی سەرەتایی ئایینە، ئەم فۆرمە سەرەتایە لە نێو خەلکی ناوەندی ئوستوڕالیا (ئەرونتا) هەبوو و ئەو توێژینەوەی تێداکردووە. بە تێگەیشتنی دۆرکهایم ئەم ئایینە سەرەتا و سادانە لەو کۆمەلگایانە دەدۆزرێنەوە کە ڕێکخستنە کۆمەلایەتیەکانیان هێشتا لەسەرەتادایە و سادەیە، بەتایبەتی لەو کۆمەلانەی کە هۆزی سەرەتاییان پێدەگوترێت.

- دۆرکهایم لەم لێکۆلینەوەیەدا بۆی دەرکەوت کە ئایین بریتیە لە دەربڕینی ویژدان و دەروونی کۆی هۆزەکە، تەوتەم پەرستی لە راستیدا بریتیە لە هۆز پەرستی و بیروباوەڕی هۆز دەبێتە بیروباوەڕی تاک. ئەو پێیوابوولە ئایینی تەوتەمدا ڕوحی زیندەوەران و ژینگەی سروشتی پیرۆزن بەلام خەلکی هۆزەکە بۆ مەبەستی یەکگرتنی ئەندامانی هۆز بەکاریان دێنا. بۆ نموونە کە ئاژەلێکیان سەردەبڕی هۆزەکە پێیان وابوو ئاژەل پیرۆزە لە ڕێگەی خواردنی ڕوحی پیرۆزی ئاژەلەکە دەچێتە نێو گیانی هەموو ئەندامانی هۆزەکە بەمەش یەکگرتوومان دەکات.

- دۆرکهایم پێیوابوو لە کۆمەلگە هۆزیەکانی وەکو ئەروانتا، ئایین ڕۆلی بەهێزکردنی گرێبەستی کۆمەلایەتیە. خەلکی ئەم هۆزە هەموویان بەهۆی ئەم ئایینە یەگرتووبوون لە ژیانی کۆمەلایەتی بەهەموو بوارەکانیەوە، تەوتەمیشیان وەکو سیمبولی هۆزەکە ناساندبوو.

- پالنەری سەرەکی بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە بە تێڕوانینی دورکهایم ئەوەیە کە ئەگەرلە فۆرمە سەرەتاکانی ئایین لە کۆمەلگە هۆزیە سەرەتایەکان تێگەیشتین، هاوکارێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە ئایینە ڕێکخراو فراوانەکانی دیکە.

# سەرەتایەک لەبارەی ماکس ڤێبەر

- کۆمەڵناسی ئەلمانی ماکس ڤێبەر (١٨٦٤-١٩٢٠)، یەکێکە لەو زانایانەی ئەم بوارە کە جێدەستی دیارە لە زۆربەی بابەتەکانی نێو کۆمەڵناسی و خاوەنی چەندان توێژینەوەیە لەم زانستەدا. لە دایکی بەناوی هێلن، هەلگری باگراوەندی ئایینی مەسیحی لە مەزهەبی پرۆتستانت بووە، خۆشی لە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی ئەم مەزهەبە بووە.
- لە میانەی کارکردنی لە سۆسۆسیۆلۆجیایی ئایین، ڤێبەر کۆمەڵێک توێژینەوەی ئەنجامداوە و بلاویکردۆتەوە. دیارترین و کاریگەرترین توێژینەوەکانی بریتیبوون لە ئایین لە هیندستان ( The religion of India). لەم توێژینەوەیەدا، لە ئاینەکانی نێو کۆمەڵگەی هیندی کۆلیوەتەوە لەوانە ئایینەکانی هیندۆسی و بوزی. لە توێژینەوەیەکی دیکەدا بە ناوی ئاینی چین( The religion of China)، کە توێژینەوەی لە هەر یەکە لە ئاینەکانی کۆنفۆشیۆس و بوزی و ئاینی جووەکان کردووە. ئەم توێژینەوانەی لە سالی ١٩١٦ بلاوکردۆتەوە کە بەراوردی ئەینەکان دەکات لە بوارەکانی سیاسی و ئابووری و مێژووی.
- ڤێبەر پێش بلاوکردنەوەی ئەم توێژینەوانە لە سالی ١٩٠٥دا، توێژینەوەیە بلاوکردۆتەوە بە ناوی ئەخلاقی پرۆتستانت و ڕوحی سەرمایەداری ( The Protestant Ethic and the Spirit of Capitalism). لەم توێژینەوەیەدا، تیشکی خستۆتە سەر پالنەرەکانی مەزهەبی پرۆتستانت لە پێشخستنی سیستەمی سەرمایەداری لە کۆمەلگایەکانی ڕۆژئاوا.

# ڕوانگەی ماکس ڤێبەر لەبارەی ئایین

- ماکس ڤێبەر لە کارە ئەکادیمیەکانیدا لە بارەی ئایین توێژینەوەی لە ئایینە کۆن و فرأوان  جیهانیەکانی وەکو    هیندۆس، بوزی، کۆنفۆشیۆس، جوو، مەسیحی و ئیسلام کردووە لە چوارچێوەی توێژینەوەکانی بەناوی ئایینی هیندستان و ئایینی چین لە سالی ١٩١٦دا. لەگەل ئەمانەشدا، پێشتر و لە سالی  ١٩٠٥دا توێژینەوەی بەناوی ئەخلاقی پرۆتستانت و روحی سەرمایەداری بلاوکردۆتەوە .

- ڤێبەر لە توێژینەوەکانیدا لەبارەی ئایین بەشێوەیەکی بەراوردکاری بووە لە نێوان ئایینە جیهانیەکاندا و وای داناوە ئایین پەیوەندی بە فاکتەری سیاسەت و ئابووری و مێژووییەوە هەیە.

- لە پەیوەندی نێوان ئایین و ئابووری و سەرمایەداریدا، ڤێبەر لە لێکۆلینەوەکانیدا بۆی دەرکەوتووە کە ئایینی هیندۆس و بوزی و ئایینی جوو، ڕێگربوون لە پێشکەوتنی سەرمایەداری، بە جۆرێك گرنگیان نەداوە بە ژیانی ئابووری تاك و پێشکەوتنیان لەم بوارەدا. لەمیانەی توێژینەوەکانیدا لەم بوارەدا بۆی دەرکەوتووە کە لەگەل چاکسازیەکەی جۆن کەلڤن لە مەزهەبی کاسۆلیکی لە سەدەی شازدە و دروستبوونی مەزهەب و کەنیسەی پرۆتستان، ئەم مەزهەبە هاوکار و یارمەتیدەری پێشکەوتنی سەرمایەداری بووە. ئەو پێیوابوو ئایین و فەلسەفەی کۆنفۆشیۆس لە چین ڕێگربوو لە پێشکەوتنی سەرمایەداری بەوەی  چینی دەسەلاتداری چین ڕێنمای و دەسەلاتی ڕەهایان هەبوو و ڕێگربوون لە وەی گۆڕانکاری ڕوویدات بەمەش سەرمایەداری بەربەستی بۆ دروستببوو.

- بە تێگەیشتنی ڤێبەر هەبوون و پەیدابوونی پەیامبەران لە ئایینەکانی جوو، مەسیحی و ئیسلام، کە سیفاتێکی کاریزماییان وەرگتووە بەهۆی ئەوەی لەگەل خوای گەورە قسە دەکەن و ڕێنمای وەردەگرن. هەبوونی ئەم کەساتیە کاریزماییانە وایکردبوو شوێنکەوتوانی ئایین، لە ژیانی ڕۆژانەشدا لە ژێرکاریگەری ئایین دابن و ژیانی کۆمەلایەتییان بەهەموو بوارەکانیەوە بە گوێرەی ڕێنمای و یاساکانی ئایین بێت و ئەم ئایینانە بەهێز و کاریگەربن.

- هیندۆزم بەهەمان شێوە ڕێگربوو لە دروستبوون و پێشکەوتنی سەرمایەداری. ئەم ئایینە پەیوەندی داربوو بە دەستەیەکی لە هۆز دواتر بووە سیستەمێکی هۆزی کە لە ئەنجامی کاری پسپۆری دروستبوو کە براهمین سەرپەرشتی دەکرد. دەستەی براهمی توانیان فێرە خوێندنی کتابە ئایینیە پیرۆزەکان ببن.بە  تێروانینی ڤێبەر کارما ناوەرۆك و سەنتەری بیروباوەری هیندۆسە.

# بەراوردێک لە نێوان دۆرکهایم و ڤێبەر لە بارەی ئایین

- بە تێگەیشتن و دونیابینی هەریەکە لە دۆرکهایم و ڤێبەر، توێژینەوە لە ئایین ڕێگاو ڕێبازی جیاوازی هەیە بۆ ئەوەی توێژینەوەکانیان کاریگەری بنوێنن و بنەمای زانستیان هەبێت. دۆرکهایم گرنگی بە لێکۆلینەوە لە فۆرمە سەرەتایەکانی ئایین لە کۆمەلگە هۆزیەکاندا داوە نەک ئایینی جیهانی و ئالۆز و فراون چونکە پێیوابوو تێگەیشتن لەم ئایینە سادانە بنەمای تێگەیشتنە لە ئایینەکانی دیکەی جیهانی کە زۆرترین شوێنکەوتووی هەیە. لەلایەکی دیکە ڤێبەر پێیوابووە توێژینەوە لە ئایینە جیهانیەکان گرنگترە بۆ تێگەیشتن لە ئایین و کاریگەریەکانی بۆیە ئەو توێژینەوەی لە ئایینە جیهانیەکان کردووە لەوانە هیندۆس، کۆنفۆشیۆس بوزی، جوو، مەسیحی و ئیسلام.

- دۆرکهایم زۆر گرنگی نەداوە بە لایەنی روحی و هەبوونی خوا و پەیامبەر بەلکوپێیوابوو ئایین هەلقولاوی ناو کولتوور و کۆمەلگا خۆیەتی، کۆمەلگایەکان وابەستەی پەیرەوکردنی ئایینن بەلاّم ڤێبەر گرنگی داوە بە هەبوونی خوا و لایەنی ڕوحی و هەبوونی تایبەتمەندی کاریزمایی لە پەیامبەراندا. ئەو پێیوابوو بۆیەشە ئاینەکان وەها لە کۆمەلگایەکان چەسپین و تێکەلی کولتووری نێو کۆمەلگایەکان بوون بە هۆی هەبوونی پەیامبەران. لێرەدا، ڤێبەر وایداناوە کە ئایین پەیوەندی بە فاکتەری سیاسەت و ئابووری و مێژووییەوە هەیە.

- دۆرکهایم لە بابەتی پەیوەندی نێوان ئایین و زانست وای داناوە ئەمانە پێچەوانەی یەکتر نین و ململانێیان لە نێوان نیە بەلکو زانستیش لە خزمەتی پێشخستنی ئاییندایە بەلاّم بە گوێرەی ڤێبەرئایین و زانست پێچەوانەی یەکترن و ئایین وەکو ڕێگر و بەربەست بینیوە زانست و زانستیش بەهەمان شێوە چونکە پێیوابوو زانست ئاسانکاریە بۆ مرۆڤایەتی بۆ ئەوەی فێرە بەکارهێنانی سەرچاوەکانی سروشتیین بۆ خزمەتی خۆیان.

# سەرچاوەکان


- Bonney, R. (2004). ‘Reflections on the Differences Between Religion and Culture’. *Clinical Cornerstone,* 6(1). PP,220-280.
- Boodin, J.E.(1999). ‘The function of religion’. *Religion,*2(1) 229-278.
- Bruce,S. and and Yearley,S. (2009). The Sage Dictionary of Sociology. London: SAGE Publications
- Cooey, P.M.(1991). ‘The Tension between Religion and Culture’. *Buddhist-Christian Studies*, 11 (6), pp. 248-254.
- Ellwood, C.A.(1918).’Religion and Social Control’. *The Scientific Monthly*, 7( 4) ,pp. 335-348.
- Harrison,F. (1983). ‘Relation of Ethical Culture to Religion and Philosophy’. *International journal of Ethics*, 12(8).336-356.
- Giddens, A.(2009). Sociology 6th. Cambridge: Polity Press.
- Tillich, P.(1946). ‘Religion and secular Culture’. *The Journal of Religion,* 26(2),pp.79-86.
- Thorman, D.J.(1951). ‘The Sociological Concept of Religion’. *The American Catholic Sociological Review*, 12( 3), pp. 148-155.
- Williams, R.H.(1996).’Religion as Political Resource: Culture or Ideology?’ *Journal for the Scientific Study of Religion*, 35( 4), pp. 368-390.

# سەرچاوەی زیاتر


- Hackett, D.G. (1988) Sociology of Religion and American Religious History: Retrospect and Prospect, Journal for the Scientific Study of Religion 4,(17),pp. 461-474.
- Pemberton, P.L. (1960) Sociology of religion: A fifty year Perspective, Journal of Bible and Religion, 2, (28). pp. 238-244.
- Jarrett, W.H. (1974) Sociology and the Religious Prophets: Is the New Wine Any Better?, Sociological Analysis, 4(35) pp.233-239.
- Robertson, R. (1985). Beyond The Sociology of Religion?, Sociological Analysis, 4,(46).pp. 355-360
- Kokosalakis, N. (1985). Legitimation Power and Religion in Modern Society, Sociological Analysis, 4(46).pp. 367-376.
- Beckford, J.A. (1990). The Sociology of Religion and Social Problems, Sociological Analysis, 1(51). pp.1-14
- Williams, H.R.(1996). Introduction: Sociology of Culture and Sociology of Religion, Sociology of Religion, 1(57).pp. 1-5.
- Lemert, C. (1979). Science, Religion and Secularization, The Sociological Quarterly, 4(20).pp.445-461.
- BURDZIEJ, S.(2014). Sociological and Theological Imagination in a Post-secular Society, Polish Sociological Review, 1(186).pp.179-193.
- McGuire, M.B.(1993). Emerging Themes in U.S. Sociology of Religion, Archives de sciences sociales des religions, 83(38).pp.127-139.
- Watts,S.(1952). The Social Significance Of Religion, The Australian Quarterly, 2(24).pp.63-68.
- DOHERTY, J.F(1964). Sociology and Religion: Religious Maturity, Philippine Studies,4(12).pp.681-698.
- DOHERTY, J.F.(1964). Sociology and the Study of Religion, Philippine Studies, 3(12).pp.473-493.
- Flanagan, k.(2001). Reflexivity, Ethics and the Teaching of the Sociology of Religion, Sociology 1(35).pp.1-19.
- Dillon, M.(2003). Handbook of the Sociology of Religion. Cambridge: Cambridge University Press